تیمەکانی فریاکەوتن لە فەڕەنسا دوو تەرمیان دۆزییەوە لەناو چەند قوربانییەک لەژێر وێرانەی باڵاخانەیەک



تیمەکانی فریاکەوتن لە شاری مارسیلیای باشوری فەڕەنسا دوو تەرمیان دۆزییەوە لەنێوان هەشت کەسدا لەژێر وێرانەی باڵاخانەیەک کە گومانیان لێدەکرێت بێسەروشوێن بن، ئەمەش دوای 24 کاتژمێر لە تەقینەوەیەک کە بووە هۆی ڕووخانی باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی.

تیمەکانی ئاگرکوژێنەوەی فەڕەنسا ئەمڕۆ دووشەممە ڕایانگەیاند، دوو لاشە دۆزراونەتەوە، بەڵام بەهۆی سەختییەکانی پرۆسەی ڕزگارکردن، دەرکردنی تەرمەکان لە شوێنەکە کاتی دەوێت.